# ڕیشەی گروپەکانی حەشدی شەعبی و کاریگەری لەسەر پێکهاتە و وەلائیان

**د.عابد خالد رسول*** **فەرید دڵشاد محمد****

وشە کلیلییەکان: حەشدی شەعبی، شیعە، عێراق، پێکهاتە، وەلاء، مەزهەب
https://doi.org/10.31271/jopss.10080

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ناساندن و شیکردنەوەی قۆناغە مێژوویەکانی دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی و ناساندنی ژمارە و گروپەکانیان و خستنەڕووی ئەو پێکهاتە ئاینیی، مەزهەبیی، نەتەوەییانەیە کە لەناو گروپەکانی حەشدی شەعبیدان لەگەڵ دیاریکردنی ئەو مەرجەع و لایەنانەی کە گروپەکانی حەشدی شەعبی بەسەردا دابەشبوون و وەلائیان بۆی هەیە و لەژێر فەرمانی ئەواندا چالاکی دەکەن، چونکە بەبێ ناساندنی ڕیشەی مێژووی ئەم گروپانە و ژمارە و پێکهاتەو وەلائیان ناتوانین دەستنیشانی ئەو هۆکار و ئامانجانە بکەین کە لە پشت دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبییەوەن، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ناساندێك بۆ هەوڵ و هەنگاوەکانی ئێران دەکات لە پاڵپشتیکردنی گروپەکانی حەشدی شەعبی تاکو هەژموونیان بەسەر گۆڕەپانی ئەمنیی و سیاسیی عێراقەوە هەبێت و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکە بپارێزن.

**ملخص**

**جذور جماعات الحشد الشعبي وأثرها في تركيبتها وولائها**

ان أجراء هذه الدراسة هو التعريف و تحليل المراحل التأريخية لنشؤ و تأسيس مجاميع الحشد الشعبي، و التعرف على عددها و مجموعاتها و عرض مكوناتها الدينية و المذهبية و القومية التي أنظمت اليها، مع تحديد المراجع و الاطراف التي تتبعها كل مجموعة من هذه المجاميع و تأتمر و بامرتها. لأنه و بدون التعرف على الجذور التاريخية لهذه المجموعات و عددها و تكويناتها و ولائها، لا نستطيع أن نحدد العوامل و الاهداف الموجودة وراء نشؤ و تكوين مجموعات الحشد الشعبي. كذلك

---

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان/ کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی
abid.rasul@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان/ کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی
farid.mohammed@univsul.edu.iq

يعتبر هذه الدراسة خطوة للاطلاع على خطوات و مساعي ايران لدعم تلك المجموعات لفرض هيمنتها على الساحة الامنية و السياسية للعراق و العمل للحفاظ على مصالح ايران في العراق والمنطقة.

**Abstract**

**The Roots of al-Hashd al-Shaabi Groups and its Impact on their Composition and Loyalty**

The aim of this study is to introduce and analyze the historical stages of the formation of Popular Mobilization Forces (PMF) and introducing their numbers and groups and present the religious, sectarian and ethnic communities within Hashdi Shaabi groups.Because without identifying the historical roots of these groups, their numbers, composition and supporters, we cannot identify the reasons and goals behind the formation of PMF groups .The study also introduces Iran's efforts to support PMF groups to dominate the security and political arena in Iraq and protect Iranian interests in the Iraq and region.

## پێشەکی:

زەمینەی سیاسیی، ئەمنیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی عێراق ڕێ خۆشکەر بووە بۆ دروستبوونی چەندین گروپی چەکداری جیاجیای نارێکخراو لە ناویاندا گروپەکانی حەشدی شەعبی کە چەندین تێڕوانینی جواراوجۆر بۆ ناساندنی ئەم گروپانە هەیە و، ئێستا ڕۆڵی بەرچاو لەسەر گۆڕەپانی عێراق دەگێڕن ، گروپەکانی حەشدی شەعبی لە چەند قۆناغێکی مێژوویدا دەرکەوتوون ئێران ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونیان و هاوکاری لۆجستی و داریی کردوون وهەرکاتێك پێویست بوبێت بۆ مەبەست و ئامانجی دیاریکراو بەکاری هێناون. دوابە دوای فەتواکەی (عەلی سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق گروپەکانی حەشدی شەعبی ڕەوایەتییەکی ئاینی و یاساییان بۆخۆیان مسۆگەرکرد و لەژێر چەترێکدا کۆکرانەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی ئەو هەژموونەی هەیانە بەشداری پرۆسەی سیاسیان کرد و بوونە خاوەنی نوێنەر لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. ئەمانە چەند گروپێکی تائفی و مەزهەبین و، وەلائیان بۆ مەرجەعەکانیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەیە، لەوەش زیاتر پابەندی فەرمانەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق نابن. بۆ شەرعییەتدان بەخۆیان کە زۆربەیان سەر بە پێکهاتەی شیعەن، لە ناو گروپەکانی حەشدی شەعبی چەند مەزهەب و پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیی دیکە بوونیان هەیە، هەروەها بەهۆی نەبوونی داتایەکی فەرمیی و پێوەری جیا بۆ ژمارەی چەکدارەکان ئاسان نییە ژمارەی راستەقینە و دروست لەبارەیانەوە دەستبکەوێت هەربۆیە باس لە ئاماری جۆراوجۆر دەکرێت.

### کێشەی توێژینەوە:

حەشدی شەعبی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و فرە ئاراستەیە، ناساندن و ناسینەوە و دەستنیشانکردنی پێکهاتەکانی کارئاسانی دەکات بۆ ڕۆڵی و کاریگەری ئەم هێزە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەرێگەی چەند پرسیارێکەوە حەشدی شەعبی بناسێنێت بەوەی ڕیشەی گروپەکانیان بۆکەی دەگەڕێتەوە؟ ژمارەیان چەندە؟ بەسەر چەند پێکهاتەدا دابەش بوون؟ وەلائیان بۆ کێ هەیە؟

### گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر گریمانەیەکی سەرەکی دارێژراوە ئەوەیش ئەوەیە: بەهۆی باکگراوندی مێژووی دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی و شوناسی پێکهاتەکانیانەوە، ولائی ئەم گروپانە لە ڕووی ئاراستەکردن و مەرجەعەکانیانەوە جیاوازن.

### گرنگی توێژینەوە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە حکومەتی هەرێم و دام و دەزگا ئەمنییەکان بەتایبەت وەزارەتی پێشمەرگە سودی لێوەردەگرن بۆ ئاشنابوون بە ڕیشەی مێژوویی گروپەکانی حەشدی شەعبی لە ڕووی پێکهاتە، ژمارە و وەلائیانەوە.

**ئامانجی تویژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی گرفت وگریمانەکەیدا هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەدات:

١. خستنەڕووی قۆناغە مێژووییەکانی دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی.
٢. ئاشنابوون بە پێکهاتە و ژمارەی گروپەکانی حەشدی شەعبی.
٣. دەستنیشانکردنی وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە زیاد لە میتۆدێك بەستراوە وەك میتۆدی وەسفی، میتۆدی مێژوویی و میتۆدەکانی شیکاری سیاسی کە بەپێی باس و تەوەرەکانی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە.

**پەیکەری توێژینەوە:**

بۆ لێکدانەوەی کێشەی ئەم توێژینەوەیە و سەلماندنی گریمانەکەی، پەیکەری توێژینەوەکە دابەش کراوە بەسەر پێشەکییەك و دوو باسدا لەگەڵ کۆتایی و دەرئەنجامەکان، بەم شێوەیە:

باسی یەکەم بەناونیشانی ناساندنی حەشدی شەعبی و ڕیشەی دروستبوونی گروپەکانیان، لەدوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ (ناساندنی زانستی زاراوەیی بۆ حەشدی شەعبی)، تەوەری دووەم (ڕیشەی دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی)، دەخاتەڕوو.

باسی دووەم کە بەناونیشانی (ژمارە و پێکهاتە و وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی) یە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ (ژمارەی گروپەکانی حەشدی شەعبی)، تەوەری دووەم تایبەتە بە (پێکهاتەی گروپەکانی حەشدی شەعبی)،تەوەری سێیەمیش(وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی) دەخاتەڕوو. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە خراوەتەڕوو کە پێیان گەیشتووە.

## باسی یەکەم: ناساندنی حەشدی شەعبی و ڕیشەی دروستبوونیان:

بە درێژایی مێژوو، گۆڕەپانی سیاسی و ئەمنی عێراق چەندین گروپی چەکداری نارێکخراو و میلیشیای جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەریەکەیان سەر بە مەزهەبێك یان لایەنێکی سیاسی دیاریکراوبوون، بەهۆکارێکی جیاوازو لە ژێرناوی جۆراوجۆردا دروستبوون، هەر لەبەر ئەمەیە دەبین کۆمەڵێك ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی حەشدی شەعبی دەکرێت، هەڵەیەکی مێژوویی و ئەکادیمییە سەرەتای دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی ببەستینەوە بە سەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق، چونکە پێش درووستبوونی حەشدی شەعبی، چەندین گروپی چەکداری نارێکخراو و (میلیشیا)ی تایبەت بە مەزهەبی شیعە و مەزهەبەکانی دیکە لە ناو عێراق بونیان هەبووە، هەربۆیە ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ ناساندن و ڕیشەی دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی، کە پێکهاتووە لە دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەم لە ڕووی زاراوەی زانستییەوە حەشدی شەعبی دەناسێنین، لە تەوەر دووەم

باسی دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی دەکەین لە میانەی جەنگی عێراق-ئێران، لە تەوەری دووەم باس باس لە قۆناغەکانی مێژووی دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**تەوەری یەکەم :ناساندنی حەشدی شەعبی:**

لە ڕووی زاراوەی زانستییەوە حەشدی شەعبی (الحشد الشعبي- Popular Forces Mobilization- (PMF) بریتییە لە: هێزگەلێکی نیمچە سەربازیی،(ردیف)ی سوپای عێراقە و لە نەتەوە و ئاینزا جیاوازەکانی عێراق پێکدێت[١]. لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پاڵپشتی دەکرێت، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە نزیکەی (٦٧) گروپ پێکهاتوون، کە زۆرینەیان لە چەکدارە موسوڵمانی شیعەن[٢].

هەروەها حەشدی شەعبی بە بڕبڕەی پشتیوانی هێزەکانی سوپای عێراق دادەنرێت. لەهەمان کاتدا، بەشێکە لە دامەزراوەی سەربازیی فەرمی عێراق، لەنێو ڕیزەکانیدا ئەو گروپانە دەگرێتەخۆ، کە دژی دەسەڵاتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق جەنگابوون. سەرەڕای ئەوە، حەشدی شەعبی بە یاسا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە سیفەتی فەرمی بەرگریکردن لە عێراقی وەرگرتووە و بە بەشێك لە سوپای عێراق هەژمارکراوە، خاوەنی بیروباوەڕێکی سەربازیی و شەڕکەری چەسپاوە[٣].

حەشدی شەعبی پێکدێت لە کۆمەڵێك گروپی جیاوازی چەکداریی خۆبەش، سەربە ئاینزا، نەتەوە، لایەنی سیاسی، سەربازیی[٤]، ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازن، پێکهاتەیەکی نارێکخراوە بەپێی ڕێنماییەکانی قوتابخانە سەبازیی و پۆلیسییەکانی عێراق، هەروەك پشت دەبەستن بە ئەزمون و ڕاهێنانی جەنگی. لە چەندین گروپی جۆراوجۆری شیعە، سوننە و کەمەنەتەوایەتییەکانی دیکە لە ناوچەکانی باکوری عێراق پێکدێت[٥]. بەشێکی دیکە حەشدی شەعبی وەك کیانێکی سەربەخۆ ئاماژە پێ دەکەن بەوەی، بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق، فەرمان لە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێرق وەردەگرن واتە ( سەرۆك وەزیران)[٦]، کە پرۆسەی فەرماندەیی، کۆنترۆڵ و

[١] باسم كاظم عباس الشمري، دينا يونس و رجا الكيناني، الحشد الشعبي في ناحية الاحرار(دراسةفي جغرافية السكان) مجلة واسط للعلوم الانسانية، كلية الاداب، المجلد ١٢، العدد٣٥، ٢٠١٦، ص٤٣٨.

[٢] مصدق عادل، التنظيم الدستوري والقانوني للحشد الشعبي والتشكيلات المسلحة في العراق، دراسة في التأصيل الدولي والدستوري والتشريعات الوطنية والمقارنة، بيروت، طبعة ١، ٢٠١٧، ص٣٨-٣٩.

[٣] محمد قاسم عبد الكاظم الكلابي، الحشد الشعبي في العراق، النشاة، الواقع والمستقبل، رسالة ماجستير تقدم الي مجلس الكلية العلوم السياسية -جامعة بغداد، العراق، ٢٠٢١، ص٩.

[٤] اسعد كاظم شبيب. الخيار الصعب: قراوة في ابعاد فتوي الجهاد الكفائي ضد تنظيم داعش. في كتاب: في مواجهة داعش. اية الله العظمي السيستاني والحشد الشعبي بعد احداث الموصل. تحرير: محمد هاشم البطاط ورزاق فالح وحيد. الطبعة ١. مركز العراق للدراسات. بغداد. ٢٠١٦، ص٦٥ .

[٥]اسعد كاظم شبيب، المصدر السابق، ص٦٥.

[٦] محمد قاسم عبد الكاظم الكلابي، المصدر السابق، ص٩.

ڕێکخستنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بەدەستەوەیە[١].

لە لایەکی دیکەوە حەشدی شەعبی لە نزیکەی (٦٧) گروپ پێکهاتوون، دوای فەتوای (جیهادی کیفائی) دروستبوون، پاش ئەوەی مەرجەعیەتی باڵای ئاینی لە نەجەف (عەلی سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق لە ڕێکەوتی ( ٢٠١٤/٦/١٣ ) بانگەوازی بۆ کردو تیایدا داوایکرد ئەوانەی توانایان هەیە چەك هەڵبگرن و بچنە ڕیزەکانی سوپا دژی داعش بجەنگن[٢].

هەروەك حەشدی شەعبی بە حەشدی نیشتمانی (حەشدی وەتەنی) یش ناوزەدکراوە بەوەی: هێزێکی نیمچە سەربازییە سەر بەدامەزراوەی ئەمنی عێراقە، لە تەواوی نەتەوەجیاوازەکانی عێراقی پێکهاتووە، دواترە هۆزەکان لە پارێزگاکانی سەلاحەدین و نەینەوا و هەروەها کوردە فەیلییەکان چونە پاڵ ئەم هێزە[٣].هەندێکی دیکە حەشدی شەعبی بەو دەناسێنن بەوەی، کە بریتییە لە کۆمەڵێك لیوا، گروپ، کەتیبە، سریە، هێز یان پێکهاتەیەکی سەربازیی یان نیچمەسەربازیی و لەژێر فەرمانی فەرماندەی دەستەی حەشدی شەعبی و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ناویان لە دەزگای ئاسایشی نیشتمانی تۆمار کراوە[٤].

حەشدی شەعبی، لە تێڕوانینی بەشێك لە توێژەرانی دیکەدا ناسێنراوە بە: کۆمەڵێك چەکداریی مەدەنی عێراقین، کەسانی پێگەیشتوون و توانای چەکهەڵگرتنیان هەیە، چونەتە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی بە مەبەستی بەرگریکردن لە خاکی عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، لە ڕووی سەربازییەوە حەشدی شەعبی بە گروپێك ناسێندراوە کە: پێکهاتەیەکی سەربازیی جەماوەرییە، لە ڕیزەکانیدا ئەو هێزە سەربازییە بەرگریکار و جەماوەریانە لەخۆدەگرێت، کە ئەرکی شەڕکردنیان پێ سپێردراوە لە پاڵ هێزە چەکدارەکاندا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و وەدەرنانیان لە خاکی داگیکراوی عێراقدا[٥].

بە پشتبەستن بە مادەی (٧٨) دەستوری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراق و پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە ژمارە (٣٠١) لە ڕێکەوتی (١١/ ٦/ ٢٠١٤) کە ئیمزای (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق لەسەرە، جەخت کراوەتەوە لەسەر بڕیاری دروستکردنی دەستەیەکی پەیوەندیدار بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بەناوی "دەستەی حەشدی شەعبی"، وەك لە بڕیارەکەدا ئەرکەکانیان دیاریکرابوو بە: بەڕێوەبردنی حەشدی شەعبی، ڕاهێنان، ئامادەکردن پڕچەککردن و دابەشکردنیان لە ناوچەی ئۆپراسیۆنەکان[٦]. پاڵپشت بەم بڕیارە حەشدی شەعبی

---

[١] مصدق عادل، المصدر السابق، ص٤١.

[٢] محمد قاسم عبد الكاظم الكلابي، المصدر السابق، ص٩-١٠.

[٣] رامي صلاح حسن السماوي و حسام محمد نبيل الطائي: تخطية الصحف العراقية للأخبار الحشد الشعبي،مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية/ جامعة بابل، العدد(٢٤)، كانون الاول ٢٠١٥، ص٧٦.

[٤] ليث هادى سيد، مؤسسة الحشد السعبي والنظام السياسي العراقي(دراسة في جدليات الاستقلال والاندماج والحل، رسالة ماجستير تقدم الى معهد العلمين للدراسات العليا/قسم العلوم السياسية، النجف،٢٠١٩، ص٣٠.

[٥] مصدق عادل، المصدر السابق، ص٤٣.

[٦]مكتب رئيس الوزراء: امر ديواني/ ٤٧، بناءا على قرار مجلس الوزراء رقم (٣٠١) لسنة ٢٠١٤، جمهورية العراق، العدد:

ناساندووه وەك " دەستەیەکی فەرمی و دانپێدانراو، کە پێکهاتووه لە دەیان هەزار خۆبەخش و بەستراونەتەوه بە نوسینگەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان"[1].

لەلایەکی دیکەوە، بەگەڕانەوە بۆ پرۆژە یاسایی پاسەوانی نیشتمانی لە ساڵی (٢٠١٥) لە مادەی( ١/سێیەم) حەشدی شەعبی پێناسەکردووە بەوەی: کەسانی خۆبەخشن پەیمانیان لەگەڵ دەستەی حەشدی شەعب بەستووە بۆ پشتیوانیکردنی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، بەپێی ئەم پێناسەیە حەشدی شەعبی سروشتێکی یاسایی پێنەدرا بوو بەو پێ یەی هێزکی ئەمنی یان سەربازیی یاخود نیمچە سەربازیی بێت، بەڵکو تەنها بەو هێزە درابوونە قەڵەم، کە پشتیوانی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، هەروەك لە یاسای پارێزگاری یاسایی حەشدی شەعبی لە مادەی(١) دا وێنای حەشدی کردبووە ئەو گروپ و پێکهاتانەی حەشدی شەعبین بەپێی ئەم یاسایە کیانی یاساییبن خاوەن مافن و پابەندن بە ئەرکەکانەوە بەو پێیەی هێزێکی پاشکۆ و پشتیوانی هێزە ئەمنییەکانی عێراقن[2].

لە یاسای دەستەی حەشدی شەعبی ساڵی (٢٠١٦)مادەی (١) هێزەکانی حەشدی شەعبی بە بە هێزێکی سەربەخۆ و بەشێك لە هێزە چەکدارەکانی عێراق ناوبردووەکە بەستراونەتەوە بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە، ئەندامەکانیان لە سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکهاتوون، ئەم هێزە لەژێر فەرمانی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانە، هەروەها ملکەچن بۆ یاسا سەربازییەکان، بەهیچ شێوەیەك نابێت چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن. حەشدی شەعبی هەمان ماف و ئەرکی هێزە چەکدارەکانی دیکەی عێراقیان هەیە[3].

بە کورتی دەتوانین ناساندنێکی گشتی بکەین بۆ حەشدی شەعبی بەوەی: سەرەتا ئەو چەکدارە شیعە مەزهەبانەبوون کەلەسەر داخوازیی ئایەتوڵا علی سیستانی، دامەزراندنیان ڕاگەیەندرا- بۆ ڕێگرتن لە کەوتنی تەواوەتی عێراق لەلایەن گروپی توندڕەوی داعش، دواتر بۆ ئەوەی ڕەنگێکی تایفی و مەزهەبی لە خۆیان بکەنەوە، هەنگاوێکی تاکتیکیاننا و بەشدارییان کرد بە پێکهاتەکانی دیکە لە ڕیزەکانیاندا، وەك سوننە، تورکمان، مەسیحی، حەشدی شەعبی بە دامەزراندنیان لەژێر ناو، ئاڵای جیاواز و گروپی خاوەن وەلائی جیاواز، و وەرگرتنی ڕەنگێکی یاسایی لەلایەن پەرلەمانەوە وەك بەشێکی هاوتای هێزە چەکدارەکانی عێراق لەقەڵەم دەدرێن.

**تەوەری دووەم: ڕیشەی دروستبوونی حەشدی شەعبی:**

**لقی یەکەم: دەرکەوتنی گروپە چەکدارە شیعەکان لە میانەی جەنگی ئێران-عێراق**

سەرەتای دەرکەوتنی گروپە چەکدارەکانی سەربە مەزهەبی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، لەوکاتەدا حکومەتی عێراق بە سەرۆکاتی (سەدام حسێن) سەرۆك

---

م.ر.ن/د٣/٧٨/٩٨٥٢، بتاريخ ٢٠١٤/٦/١٨.

[1] مديرية الإعلام-هيئة الحشد الشعبي، هيكلية وقانونية الحشد، العراق، ٢٠١٩، ص١.

[2] مصدق عادل، المصدر السابق، ص٣٦-٣٧.

[3] قانون هيأة الحشد الششعبي: جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٤٢٩)، وةزارة العدل العراقية، بغداد، ٢٠١٦،ص٣-٤.

کۆماری عێراق، هەڵمەتێکی بۆ سەرکوتکردنی لایەن ئۆپۆزسیۆنە شیعەکان دەستپێکرد، بەتایبەت (حزبی دەعوەی ئیسلامی) ، ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە ڕووبەڕووی گرتن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان بوونەوە، لە (١٩٨٠/٣/٣١) سەدام حسێن بڕیارێکی دەرکرد هەرکەسێك ئەندام و لایەنگری حزبی دەعوە بێت لەسێدارە بدرێت، بۆ نمونە: لە (١٩٨٠/٤/٩)، ( محەمەد باقر سەدر) یەکێکبوو لە دامەزرێنەرانی ئەو حزبە لە سێدارەدرا، ئیتر لەوکاتەوە ئەندامانی حزبی دەعوە بەرەو ئێران و سوریا هەڵاتن. لە ساڵی (١٩٨٠ ) بە هاوکاری ئێران ئەندامە هەڵاتووەکانی حزبی دەعوە و ئەو سەربازانەی عێراق کە لە جەنگەکەدا بەدیل گیرابوون هێزکیان دروستکرد بەناوی (هێزی شەهید سەدر) لەنزیك شاری (ئەهوازی) ئێران، ژمارەیان (٧٠٠٠) چەکدار دەبوو، لەو ساڵە بەدواوە چەندین سەربازگەی دیکەیان لە ناوچەکانی (دهلران، ئیلام و باختەران) لە نزیك سنورەکانی ئێران و عێراق، کردەوە. ئەم هێزە هاوشانی سوپای ئێران لە جەنگی عێراق-ئێران بەشداریانکرد و بەسەدان کەسیان لێ کوژران و برینداربوون[١].

هەر لەماوەی ساڵانی جەنگی ئێران-عێراق، بەهاوکاری ئێران ( لیوای ٩ی بەدر) دروست دەبێت، کە باڵی سەربازیی (ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە عێراق) بووە، بە سەرۆکایەتی (محەمەد باقر حەکیم)، (لیوای ٩ی بەدر ) یەکەم هێزی چەکداری شیعەکان بوو، کە جۆرێك لە سەربەخۆیی هەبوو، لەلایەن ئێران بەچەکی قورس پڕچەك کرابوون، تانك، تۆپ و زرێپۆشیان هەبووە، ئەم لیوایە لە ناوچەکانی باکور و باشوری عێراق ئۆپەراسیۆنی سەربازییان دەکرد، بەتایبەت لە (هۆرەکانی عێراق، ناوچە سنورییەکانی بەسرە، حاجی ئۆمەران و باختەران، (لیوای٩ی بەدر) ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە شەڕی ئێران –عێراق[٢].

لەم قۆناغەدا ئێران ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستبوون، پڕچەککردن، ڕاهێنانکردن و بەهێزکردنی گروپە چەکدارە شیعەکان، بەتایبەت دامەزراندنی لیوای بەدر، ئێران سودی لەم گروپانە وەردەگرت بۆ جەنگ لەگەڵ عێراق، هاوکات دەیەویست لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی ئەم گروپە چەکدارییانەوە بوونی لە عێراق هەبێت، لەبەرامبەردا ئەم گروپانە ئێرانیان وەك پەناگەیەك بەکاردەهێنا لە ترسی ئەو هەڕەشانەی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە دەکرایە سەریان، هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ دروستبوونی چەند گروپێکی چەکداری شیعە لەوکاتەدا، سەرەڕای ئەوە هاوکاری ئێران بۆ دروستکردنی گروپی چەکداری شیعەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ هاومەزهەبی نێوانیان کە سەر بە مەزهەبی شیعە بوون و یەك دووژمنی هاوبەشیان هەبوو لەوکاتەدا، کە حکومەتێکی سونە مەزهەب بوو لە عێراق[٣].دیارە دروستبوونی لیوای بەدر لەم قۆناغەدا سەرەتایەك

[١]صلاح عبد الرزاق، العراق و الاسلام السياسي و دور الإسلام الشيعي و السني في العراق المعاصر، دار القناديل للنشر و التوزيع، بغداد، بدون السنة، ص٣٧٣-٣٧٤.

[٢]محمد العراقي، ايران ومستقبل الميليشيات المسلحة في عراق مابعد داعش، مجلة الدراسات الدراسات الارانية، الرياض، الرياض، العدد٣، ٢٠١٧، ص١١٧.

[٣]على المؤمن، سنوات الجمر، مسيره الحركه الإسلاميه فى العراق ١٩٥٧-١٩٨٦، ط٥، مركز دراسات المشرق العربي، ٢٠٢٠، ص٢٣١-٢٣٨.

بوو بۆ ئەوەی شیعەکانی عێراق ببنە خاوەنی گروپی چەکداری بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان لە داهاتووشدا هەرم ئەم گروپە دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە گروپەکانی حەشدی شەعبی.

**لقی دووەم: دەرکەوتنی گروپە چەکدارە شیعەکان لەمیانەی (داگیرکردنی عێراق):**

دوای ڕوخاندنی حکومەتی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، ژمارەیەك گروپی چەکداریی جیاجیا دەرکەوتن، ئەم گروپانە وەك کۆمەڵێك گروپی جیهادی دژی داگیرکاری هاوپەیمانان شەڕیان دەکرد، کە خۆیان دەبینییەوە لە (سوپای مەهدی، عەسائیبی ئەهلی حەق، سرایا یوملموعود، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی حزبوڵا-عێراق، کەتائیبی ئەبولفەزڵ عەباس) ، بەڵام دواتر بەهۆی ناکۆییەوە لە تێڕوانین و شێوەی کارکردن و لایەنگری بۆ لایەنی جیاجیا لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق، زۆرێك لەو گروپانە ڕووبەڕووی کەرتبوون و دابەشبوون بوون بۆ چەند گروپێك، بە نموونە، (سوپای مەهدی) دابەشبوو بۆ سێ گروپی چەکداری دیکە، پێکهاتبوون لە: (سەرایا سەلام، عەسائیبی ئەهلی حەق و بزوتنەوەی نوجەبا)[١].

ئێران ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دروستکردنی گروپە چەکدارە شیعەکان لە عێراق، ئێران لەلایەك دەیویست لەڕێگەی دروستکردن و پاڵپشتیکردنی گروپی چەکداریی شیعە لە عێراق بەربەست بۆ هەژموونی وڵاتانی خۆرئاوا دابنێت لە ناوچەکە، کە وەك هەڕەشەیەکی مەترسیداری داهاتوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان لێی دەڕوانی، لەلایەکی دیکەوە مەبەستی بوو لە رێگەی ئەو گروپە چەکدارانەوە جارێکی دیکە پرۆژەی (هەناردەکردنی شۆرش) بۆ دەرەوە زیندوو بکاتەوە[٢]. بەسوودوەرگرتن لەو پەیوەندییە مێژوویی و قوڵەی لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی شیعە هەیبوو، ئێران ئەو دەرفەتەی قۆستەوە، ئەوە بوو لە (٢٠٠٤/٤/٢)، (موقتەدا سەدر) ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە وتاری نوێژی هەینی دامەزراندنی (سوپای مەهدی) بە فەرمی ڕاگەیاند، کە ئامانج لێی شەڕکردن بوو دژی داگیرکاری هێزەکانی هاوپەیمانان[٣].

لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٠٨) لایەنگرانی موقتەدا سەدر چەندین خۆپیشاندانیان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق ئەنجامدا و داوای چوونە دەرەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانیان کرد، هەر لەو میانەیەدا شەڕی (سوپای مەهدی) دژی هێزەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراق لەو ماوەیەدا بەردەوم بوو، لەهەمان کاتدا ( فەیلەقی قودس) ی سەر بە ئێران سەرەڕای پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و سەربازیی، مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی بەسوپای مەهدی و گروپە چەکدارەکانی دیکەی شیعە دەکرد[٤]. لە ساڵی (٢٠٠٦) گروپێکی چەکداری شیعە بەناوی (عەسائیبی ئەهلی حەق)

[١] محمد العراقي، المصدر السابق، ص١١٧-١١٨.

[٢] رائد حامد، الحشد الشعبي خلفيات التشكيل....الدور والمستقبل، مركز الفكر الأستراتيجي للدراسات، اسطنبول، ٢٠١٩، ص٥.

[٣] يوسف محسن، موسوعة الحرب الأهلية الطائفية في العراق، مجلد٢، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٢٠، ص٨١-٨٦ .

[4] Frederick W. K. 2012. Iranian influence: in the Levant, Egypt, Iraq and Afghanistan. American

بەسەرکردایەتی (قەیس خەزعەلی) بەهۆی بوونی ناکۆییەوە لە دیدگا و چۆنییەتی کارکردن و کێشەی ئیدارەدان و ...هتد ، جیابوونەوەی خۆیان لە (سوپای مەهدی) ڕاگەیاند، ئەم گروپە لایەنگری ئێران بوون ، لەو کاتەدا چەندین هێرشیان لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان ئەنجام دەدا[1].

هەرچەندە تا ساڵی (٢٠٠٧) شاری (بەسرە) ناوچەیەکی ئارام بوو بۆ گروپە چەکدارە شیعەکان بۆ ئەوەی چالاکی تێدا ئەنجام بدەن، بەڵام بە هاوکاری هاوپەیمانان، سوپای عێراق بەسەرۆکایەتی (نوری مالکی) وەك سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە لە (٢٥ی ئازاری ٢٠٠٨) ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییان بەناوی (صولة الفرسان) دژی گروپە چەکدارە شیعەکان، بەتایبەت ( سوپای مەهدی) دەستپێکرد، بەهۆیەوە (سوپای مەهدی) و (عەسائیبی ئەهلی حەق) ڕووبەڕووی شکستێکی گەورەبوون، دوای شکستهێنانیان، موقتەدا سەدر فەرمانی کرد بە وەستانی چالاکییەکانی سوپای مەهدی دژی هێزەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراق[2].

لە ساڵی (٢٠٠٨ تا ساڵی ٢٠١٠) گروپە چەکدارە شیعەکان چالاکییەکانیان لاواز بوو، بەڵام لە دوای ساڵی (٢٠١٠ ) ئێران ژمارەیەك گروپی چەکداری شیعەی زیندووکردەوە، و هەندێك گروپی دیکەی نوێی دروستکرد، خۆیان دەبینییەوە لە ( ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی حزبوڵا، کەتائیبی سەیدولشوهەدا، کەتائبی ئیمام عەلی، کەتائیبی جوندولئیمام)، ئامانج لە سەرهەڵدانی ئەم گروپانە پاڵپشتی (نوری مالکی) بوو بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی (موقتەدا سەدر) و لاوازکردنی سوپای مەهدی بوو[3]. لە لایەکی دیکەوە ئامانج لە دروستبوونی ئەو گروپە چەکدارە شیعانە بۆ سەرکوتکردنی ئەو نارەزایی و خۆپیشاندانانە بوو لە ساڵی (٢٠١٣) لە ناوچە سونەکان دژی حکومەتەکەی مالکی سەریهەڵدابوو، لەو کاتەدا سەدر بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ مالکی پاڵپشتی لە داواکاری سوننەکان دەکرد، لە هەمان کاتدا بەهۆی لاوازی سوپای عێراق، نوری مالکی پشتی بەو گروپە چەکدارە شیعانە بەستبوو بۆ شەڕ دژ بە شانەی نوستووی ڕێکخراوی (قاعیدە) و داعش لە عێراق[4].

لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمینجار ئەو گروپە چەکدارە شیعانە ئەرکیان لە دەرەوەی سنورەکانی عێراق پێ سپێردرا، هەندێك لەو گروپانە، کە زۆر نزیکبوون لە ئێران لەکاتی سەرهەڵدانی (جەنگی ناوخۆی سوریا) لە ساڵی (٢٠١١) نێردران بۆ سوریا بۆ پاراستنی مەزارگە پیرۆزەکانی شیعە لەو وڵاتە و

enterprise institute. Pp.15-18.

[1]Sam, W. 2012. The Resurgence of Asai'b Ahl Al-Haq. Institute for the Study of War. Pp.12 .

[2]Al-nidawi, O. and Knights, M. 2018. Militias in Iraq's security forces: historical context an U.S Options, the Washington institute for near east policy. P.2.

[3]منى علمي، أي مستقبل للحشد الشعبي في العراق، مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الإسلامية، سعودية، ٢٠١٨، ص٩-١٠.

[4]فيبى مار وإبراهيم المراشي، العراق في عهد المالكى والعبادي، ت:مصطفى نعمان أحمد، دار ميزوبوتاميا للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٨٥-٨٨.

پاڵپشتیکردن لە سوپای (بەشار ئەسەد) سەرۆکی سوریا[١]. ئەو گروپانە بە تایبەت کە (تائیبی سەیدولشوهەدا) لە پارێزگاکانی سوریا هاوشانی سوپای بەشار ئەسەد شەڕیان دەکرد لە دژی چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا وبەرەی نوسرەو داعش[٢].

دروستبوونی بۆشایی ئەمنی لەدوای روخانی بەعس و بە ئامانجگرتنی شیعەکان لەلایەن گروپە جیهادییە سوننەکان وایکرد شیعەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، بیر لە دروستکردنی گروپی چەکداری بکەنەوە، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی عێراق ، بیانویەکی ئاینی و نیشتمانی دایە دەست هەندێك لە کەسایەتی شیعە بۆ ئەوەی گروپی چەکداری تایبەت بەخۆیان دروستبکەن، تاکو ڕووبەڕووی هێزەکانی هاوپەیمانان ببنەوە[٣]. لەکۆتایدا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە (٢٠١١/١٠/٣١) بە بڕیاری (باراك ئۆما)ی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا هەلێکی گەورەی رەخساند بۆ گروپە چەکدارە شیعەکان تاکو بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆیان زیاتر رێکبخەنەوە و پێگەی خۆیان قایم بکەن[٤]

حکومەتە یەك لەدواییەکانی عێراق هێندە بەهێز و دامەزراوەیی نەبوون، کە عێراق لە قۆناغێکی ناسەقامگیریی بەرەو کەناری ئارامی ببەن، شکستیهێنا سوپایەکی تۆکمە و دوور لە کاریگەری مەزهەبی و ئائیفی دابمەزرێنێت، بەڵکو ئەو هێزانەیان گۆڕان بۆ هێزگەلێکی تائیفی و باڵا دەستبوونی لایەنێکی دیاریکراو، هەموو ئەوانە هۆکار بوون بۆ دروستبوون و بەهێزبوونی گروپەکانی شیعە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)[٥]. ئەم گروپانە لەم قۆناغەشدا ئێران هاوکارییان بووە دواتر دەچنە ناو ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە.

**لقی یەکەم سێیەم: گروپە چەکدارە شیعەکانی عێراق دوای هێرشی داعش بۆ عێراق:**

دوای ئەوەی ئەوەی داعش ڕووبەرێکی زۆری سوریای کۆنترۆڵکردبوو و چاویان لەسەر خاکی عێراق بوو، لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)، داعش جموجوڵەکانی لە ناوچە سوننەنشیەکانی عێراق زیادیکردبوو، ئەوەبوو لە (٦/١٠/ ٢٠١٤)، داعش لە سنورەکانی سوریاوە هێرشێکی فراوانی کردەسەر شاری (موسڵ) و بەتەواوەتی کۆنترۆڵیانکرد[٦]. لەو هێرشەدا (٢ فرقە)ی سوپای عێراق بەتەواوی شکستیخوارد، هەڵوەشانەوە، پەرتەوازە بوون و هەڵاتن، ژمارەیان (٢٥) هەزار سەرباز دەبوو، جگە

[١] المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، مستقبل الحشد الشعبي في العراق: بين سيادة الدولة وصراع المحاور، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات(سلسلة:تقدير الموقف)، قطر، ٢٠١٩، ص٢.

[٢] عباس الزيدي، آيات النزل، دار الصادق، بيروت، ٢٠٢١، ص١٢٥-١٥١.

[3] Alaaldin, R. 2017. Containing Shiite Militias: The Battle for Stability in Iraq. Brooking Doha Center. Brookings Institution. Doha, Qatar. PP: 3-5.

[4] Khalil, L. (2011). Iraq: what happens next? Australian Strategic Policy Institute. PP: 3.

[٥] جوين داريان، الفوضى التي نضموها الشرق الأوسط بعد العراق، ترجمة بسام شيحا، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٨، ص٣١.

[٦] فواز جرجيس، داعش إلى أين؟ جهاديو مابعد القاعدة، مركز درسات الوةحدة العربية، بيروت، ٢٠١٦، ص ١٧٨.

لەوە (١٠) هەزار پۆلیسی فیدراڵی عێراق تێکشکان و پاشەکشەیان کرد و هەندێکیان چونە پاڵ داعش، هەموو ئەو یەکە سەربازییانەی هەڵاتن جبەخانەکانیان کەوتنە دەست داعش[1].

بەهۆی بەردەوامی مەترسییەکانی داعش، (نوری مالکی) کۆمەڵێك ڕێوشوێنی خێرای گرتەبەر و هێزی پشتیوانی دروستکرد بۆ پاڵپشتیکردن لە سوپای عێراق، ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠١٤/٦/١١) بڕیاری ژمارە (٣٠١) دەرکرد دەسەڵاتی زیاتریدا بە سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ڕێکخستنی خۆبەخشەکان و پاڵپشتیکردنی لۆجستی و داراییان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش ئەوە بەسەرەتایەك بۆ دروستبوونی (حەشدی شەعبی) دادەنرێت[2]، لەماوەی دوو ڕۆژدا داعش توانی دوای کۆنترۆڵکردنی موسڵ بەرەو ناوچەکانی دیکەی عێراق پێشڕەوی بکەن،[3]. خێرا داڕووخانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و دروستبوونی مەترسی لەسەر بەغدادی پایتەخت، وایکرد (عەلی سیستانی) بێتەسەرخەت و لە (٢٠١٤/٦/١٣) فەتوانی (جیهادی کیفائی)دەرکرد، تیایدا داوایکرد ئەو هاووڵاتیانەی توانای چەك هەڵگرتیان هەیە بچنە ریزەکانی سوپاوە بۆ شەڕکردن دژی داعش، فەتواکەی سیستانی پشتیوانییەکی مەعنەوی گەورە بوو هەم ڕیزەکانی حەشدی شەعبی زیاتر کرد لەهەمانکاتدا بەرگێکی شەرعی پێدان[4]. دوای پێنج ڕۆژ لە فەتواکەی سیستانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە (٢٠١٤/٦/١٨) فەرمانی دیوانی ژمارەی(٤٧)ی دەرکرد و (دەستەی حەشدی شەعبی) پێکهێنا بۆ بە ڕێوەبردی خۆبەخشەکان[5].

لەم قۆناغەدا گروپەکانی حەشدی شەعبی لە سێ بەشدا خۆیان دەبیننەوە، بەشی یەکەمی ئەم گروپانە پێشتر لە عێراق بوونیان هەبوو و سەرکردەکانیان لە ناو پرۆسەی سیاسی عێراق بەشدار بوون، بەڵام بە بڕیارەکەی مالکی و فەتواکەی سیستانی لەناو گروپەکانی حەشدی شەعبی خۆیان ڕێکخستەوە و شەرعیەتی سیاسی و ئاینیان بۆخۆیان مسۆگەر کرد، کە پێکهاتبوون لە ( کەتائیبی حزبوڵا، سەرایا سەلام، ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی سەیدولشوهەدا...هتد)، هەچەندە پەیامەکەی سیستانی بۆ ئەوەبوو، کە خۆبەخشەکان بچنە ناو ریزی سوپا، بەڵام مالکی، هادی عامری و قەیس خەزعلی ئەو هەلەیان قۆستەوە توانیان سەدان گەنجی خۆبەخش بێننە ناو ئەو گروپە چەکدارانەی سەرپەرشتیان دەکرد، هەر ئەوە وایکرد سیستانی لەبارەی فەتواکەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات و ئاماژەی بەوەکرد ئەوان مەبەستیان بووە ئەو هاووڵاتیانەی توانای شەڕکردنیان هەیە چەك هەڵبگرن و بچنە ریزەکانی سوپا دژی داعش شەڕ بکەن،

[1] زينب شعيب، الحشد الشعبي الإستراتيجية الأمريكية و الحشد الشعبي في العراق، دار الحلاج للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٩، ص٦٠.

[2] حسنين توفيق إبراهيم،"الحشد الولائي" والدولة في العراق تحديات ممارسة السياسة ضغط السلاح المنفلت، تريندز للبحوس والأستشارات، الأمارات، ٢٠٢١، ص٢٢.

[3] غلاء رزاك فاضل، الموقف الإيراني من سقزط الموصل بيد داعش ٢٠١٤، مجلة خليج العربي، مركز دراسات البصرة و الخليج العربي، جامعة البصرة، العدد(١-٢)،٢٠١٩، ص٤.

[4] فاطمة محمد رضا علي الجابري، الأبعاد الإستراتيجية لثورة الإمام الحسين وتأثيرها في قوة الحشد الشعبي لمحاربة تنظيم (داعش) الإرهابي، مركز العراق للدراسات، بغداد، ٢٠١٩، ص١١٩.

[5] حسنين توفيق إبراهيم، المصدر السابق، ص٢٤.

مەبەستیان نەبووە بچنە ناو گروپە چەکدارەکانی دەرەوەی سوپا[1].

بەشی دووەمی گروپەکانی حەشدی شەعبی خۆی دەبینییەوە لەوگروپە خۆبەخشانەی کە بەدەم فەتواکەی سیستانییەوە چوون و راستەوخۆ دوای فەتواکە دروستبوون، کە زۆربەیان شارەزای شەڕکردن نەبوون و هیچ ئەزمونێکی سەربازییان نەبووە[2]. لە نموونەی ئەو گروپانەی راستەوخۆی دوای فەتواکەی سیستانی دروستبوون (لیوای ئەنساری مەرجەعی، لیوای عەلی ئەکبەر، فرقەی عەباسی قیتالی، فرقەی ئیمام عەلی قیتالی...هتد) هەموو ئەم گروپانە شیعە بوون لەلایەن ئەو گروپەی حەشدی شەعبییەوە کۆنترۆڵکرابوون، کە پێش هاتنی داعش لە عێراق بوونیان هەبوو[3].

بەشی سێیەمی گروپەکانی حەشدی شەعبی ئەو گروپانە بوون بەدرێژایی ماوەی شەڕی داعش پێکهاتن، یەکێك لە سیما دیارەکانی ئەم قۆناغە ئەوەبوو کە ئەندامەکانیان تەنیا شیعە نەبوو، بەڵکو سونە، مەسیحی و شەبەك، لە هەندێك ناوچە کوردیان تێدابوو، بۆ نموونە، لەو گروپانەی لەم قۆناغەدا دروستبوون وەك (کەتائیبی جوندولئیمام، لیوای زولفەقار، حشدی شەبك، کەتائیبی بابلیون،... هتد)[4].لەم قۆناغەدا دوو پاڵنەری سەرەکی هەبوون لەپشت دروستبوون و بەهیزبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی، لەوانە داڕووخان و هەڵاتنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە دوای هێرشی داعش بۆ عێراق، لەلایەکی دیکەوە فەتواکە سیستانی هۆکارێکی سەرەکی دیکە بوو بۆ دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی، بەتایبەت دوای ئەوەی داعش لە بەغداد نزیکبووەوە و هەڕەشەبوو بۆ سەر شارەکانی نەجەف و کەربەلا، ئەو فەتوایە وایکرد ڕۆژنە هەزاران کەس پەیوەندی بکەن بە گروپەکانی حەشدی شەعبییەوە بۆ پارێزگاریکردن لە خاکی عێراق[5].

لەم قۆناغەدا ئێران رۆڵی بەرچاو و کاریگەری گێرا لە دروستبوون و بەهێز بوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی و گرێدانەوەی بەشێکی زۆریان بە ئەجێندای خۆیەوە، ئەگەر تاکو هاتنی داعش بۆ عێراق، دەستوەردانی ئێران لە عێراق تاڕادەیەك شاراوە بوویێت، ئەوا لە دوای ساڵی (٢٠١٤) بەئاشکرا بەڕوونی دەبینرا ، هەر لەسەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق، ئێران بەزوویی پاڵپشتی ئەو گروپانەی حەشدی شەعبی کرد کە ئامادەییان هەبوو، بەپێی زانیارییەکانی لێپرسراوانی ئەمریکا لە کۆی (١٠٠) هەزار چەکداری حەشدی شەعبی، کە شەڕی داعشیان دەکرد (٦٠) هەزار چەکداریان لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دارایی و لۆجستی دەکران[6].

لەکۆتاییدا دەگەینەوە ئەو ئەنجامەی، کە بەشێکی زۆر ئەم گروپانەی حەشدی شەعبی بە قۆناغ

---

[1]Mansour, Renad & Jabar Faleh A. "The Popular Mobilization Forces and Iraq's Future". Carneige Middle East Center. 2017. PP .5-8.

[2]يوسف محسن، موسوعة الحرب ال الأهلية الطائفية في العراق، مجلد٣، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٢٠، ص٩١-٩٢.

[3]حسين احمد فرحان، حشد المرجعية هو الأساس،دراسات سيسابة، مركز الفرات للتنمية للدراسات الأستراتيجية، النجف، ٢٠١٩، ص٣٣.

[4]محمد العراقي، المصدر السابق، ص١١٨-١٢٠.

[5]مصدق عادل، المصدر السابق، ص ٥٤-٥٦.

[6]رائد حامد، خلفيات التشكيل....الدور والمستقبل، المصدر السابق، ص٣٧-٣٨.

بەندیی و بەپشتیوانی ئێران دروستبوون و ڕۆڵ و پێگەیان بەئاشکرا وەك کارتێکی بەهێزی ئێران لەسەر گۆڕەپانی سیاسی- سەربازیی عێراق دژ بە ڕکابەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆی بەکارییان بهێنێت، هێرشەکانی داعش بۆسەر عێراق و گرتنی موسڵ بووە هۆی زۆربوونی ژمارە و ئەندامانی ئەم گروپانە، بە تایبەت لەدوای فەتوای سیستانی. لەمیانەی شەڕی ئەم گروپانە بۆ پاڵپشتی سوپای عێراق دژی داعش بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی عێراق ڕۆڵی ئێران بە ئاشکرا لە جوڵەی ئەم هێزانەدا لەسەر گۆڕەپانەکە ڕەنگی دەدایەوە لەبەرگێکی تائیفی و مەزهەبیدا.

## باسی دووەم: ژمارە، و پێکهاتە و وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی

لەژێر کاریگەری ئەو ڕیشە مێژوویەی گروپەکانی حەشدی شەعبی کە لە باسی یەکەمدا خستمانەڕوو، دەتوانرێت بەئاسانی تێبینی ئەوە بکرێت کە ئەم گروپانە فرە پێکهاتەن و چەند گروپگەلێکی مەزهەبی، ئایینی و نەتەوەیی جیاواز لەخۆ دەگرن و هەریەکەیان وەلائیان بۆ مەرجەعێکی تایبەت لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق هەیە. بۆ ئاشنا بوون بە ژمارە و پێکهاتە و وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی، کە ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەسەر گۆڕەپانی ئەمنیی و سیاسیی و سەربازیی، ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەم ژمارەی گروپەکانی حەشدی شەعبی ئاشکرا دەکەین، لە تەوەری دووەم پێکهاتەی گروپەکانی حەشدی شەعبی باس دەکەین، لە تەوەری سێیەمیشدا وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی دەخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم: ژمارەی گروپەکانی حەشدی شەعبی:

بە سەرنجدان لە پەیکەر و پێکهاتە و شێوازی کارکردنی حەشدی شەعبی، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە تا ئێستا ئامارێکی ورد و تەواو لەبەردەستدا نییە لەبارەی گروپ و ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی، لێرەدا ئاماری هەندێك سەرچاوەی جیاجیا بە نموونە وەردەگرین لە بارەی ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی، هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن، کە حەشدی شەعبی ژمارەیان زیاترە لە (١٥٠) هەزار چەکدار[١]. هەر لەو چوارچێوەیەدا (ئەحمەد ئەسەدی) وتەبێژی حەشدی شەعبی لە ساڵی (٢٠١٦) ژمارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە (٥٠) گروپ و (١٤٢) هەزار چەکدار ناوزەد کردووە[٢]. لای خۆیەوە (حاکم زاملی) کاتێك سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو لە ساڵی (٢٠١٨-٢٠٢١) باسی لەوەکردووە، سەرکردەکانی حەشدی شەعبی لە ساڵی (٢٠١٦) داوای بودجەی (١٨٠) هەزار چەکداریان لە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە، بەڵام ئەنجومەنەکە دانیناوە بە (١١٠) هەزار چەکداری حەشدی شەعبی[٣].

[1]Knights, Michael & Malik, Hamid & Al-Tamimi, Aymenn Jawad. 2020. Honored, Not Contained: The Future Of Iraq's Popular Mobilization Forces .The Washington Institute for Near East Policy: USA. Pp.: 21.

[2]Mansour, Renad & Jabar Faleh A, .Op. Cit. p1.

[٣]جواد كاظم حطاب، توظيف الحشد الشعبي في المدرك السياسى العراقي، مجلة حمورابي،العدد (٢٩)،بغداد، ٢٠١٩،

لەلایەکی دیکەوە (سعود عەزیز فازڵ) پشکنەری گشتیی دەستەی حەشدی شەعبی لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ (حەیدەر عەبادی) سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق (٢٠١٤-٢٠١٨)، ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە دوای شکستی داعش لە ساڵی (٢٠١٧)، بە (٦٠) هەزار چەکدار باس کردووە کە بەفەرمی مووچەیان وەرگرتووە و دواتر ژمارەی چەکدارەکانیان زیاتر کردووە لەو ناوچانەی بەدەستیانەوە بووە و ژمارەیان گەیشتووەتە (١٥٠) هەزار چەکدار[١]. هەندێك ژێدەری دیکە ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی بە (١٣٠) هەزار چەکدار مەزەندە کردووە[٢]. و هەندێك توێژەری دیاری دیکە ئاماژەیان بەوەکردووە، ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی (١٦٤) هەزار چەکدارە و بەسەر (٦٧)گروپدا دابەشبوون[٣].

لەسەر ئاستی فەرمی لە بودجەی دارایی ساڵی (٢٠٢١)ی عێراق، ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی بە (١٢٢) هەزار چەکدار جێگیرکراوە، هەروەك (ئەحمەد حاجی رەشید) بڕیاردەری لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە خولی چوارەم ئاشکرایکردووە، هەرچەندە حەشدی شەعبی ژمارەیان (١٢٢) هەزار چەکدارە، بەڵام زیاتر لە (٨) هەزاری چەکداری گروپی (سەرایا سەلام)ی سەر بە (موقتەدا سەدر) هەن، کە بەفەرمی نەخراونەتەسەر حەشدی شەعبی و بە گروپی جیاواز دەردەکەون لەوانی دیکە، ئاماژەی بەوەشکرد، (ئەبو مەهدی موهەندیس) جێگری فەرماندەی حەشدی شەعبی هەوڵیدا (سرایا سەلام) بەرەسمی بخاتە سەر حەشدی شەعبی، بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت، وتی:"نزیکەی (٣٠) هەزار چەکداری دیکەی حەشدی شەعبی هەن، کە گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام سەر بە حەشدی شەعبین و بەوە کۆی ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی دەگاتە زیاتر (١٦٠) هەزار چەکدار"[٤]. هەر لەبارەی ئەو (٣٠)هەزار چەکدارەوە، (فالح فەزیاز) سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە (٢٠٢١/٩/١٣) ئاشکرایکردووە، ڕەزامەندی دراوە لەسەر گەڕانەوەی ئەو (٣٠) هەزار چەکدارەی حەشدی شەعبی کە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٥-٢٠١٨) بەهۆکاری نەچوونەوەسەرکار و پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی حکومەت گرێبەستەکەیان هەڵوەشێندراوەتەوە[٥].

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (٢٠٢١/١٠/١٠) بەڕێوەچوو، کۆمیسیۆن باڵای

ص١٠٨.

[1]Al Jbour, Abdullah. 2021. The Popular Mobilization Forces in Iraq: Regional Dynamics and Local Variables. Friedrich-Ebert-Stiftung: Amman. P: 13

[٢]محمد كشيش خشان، الحشد الشعبي، درسة في الجيوبوليتيك النقدية، مجلة المدرية العامة لتربية القادسية، العدد (٦٢)، بغداد، ٢٠٢١، ص٤٨٦.

[٣]هشام الهاشمي، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، مركز صنع السياسات للدراسات الدولية والأستراتيجية، أسطنبول، ٢٠٢٠، ص٤.

[٤]ئەحمەد حاجی رەشید، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چاوپێکەوتنی توێژەر،٢٠٢٢/١/٣١، سلێمانی، کاتژمێر٣٠:١٠ی بەیانی.

[٥]الحشد الشعبي العراقي يعيد إلي صفوفه ٣٠ الف عنصر فسخت عقودهم، موقع فرانس ٢٤، ٢٠٢١/٩/١٣، تأريخ الزيارة ٢٠٢١/٣/٩ متاح علي الرابط الاتي: https://bit.ly/3g6hPuD

سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق داواکاری ئاراستەی دەستەی حەشدی شەعبی کرد تاکو داتای تەواوی ئەندامەکانیان بۆ ڕەوانە بکات و بخرێنە لیستی ئەوانەی دەنگدانی تایبەت دەیانگرێتەوە، بەڵام دەستەی حەشی شەعبی ناو و ژمارەی ئەندامەکانیان بۆ کۆمسیۆن نەنارد، دواتر ئەندامانی حەشد لە دەنگدانی گشتی بەشدارییان کرد، ئەوەش هێندەی دیکە ئەو گومانەی لە ڕاستی نزیککردەوە، کە باس لەوەدەکرا بەهەزاران ناوی وەهمی لەناو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی بونیان هەیە و نازاندرێت ژمارەیان چەندە[1].

ئەو ڕەفتارەی حەشدی شەعبی ئەوە پیشان دەدات، هەموو ئەو ژمارانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردووە تێدەگەین کارێکی ئاسان نییە بەرەهای قسە لەسەر ژمارەی ئەندامانی حەشدی شەعبی بکەین بەتایبەت هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی لە سەروو هەموویانەوە وەزارەتی بەرگری و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق خۆیان بواردووە لە قسەکردن لەبارەی گروپ و ژمارە و پێکهاتەی حەشدی شەعبی، بەهۆی هەستیاری دۆسییەکە و ململانێ ناوخۆیی و هەرێمییەکان و جیاوازی مەرجەع و مەزهەب و نەتەوە و ئاینەکانیان.

**تەوەری دووەم : پێکهاتەی حەشدی شەعبی:**

بەپێی یاسای ژمارە(٤٠)ی ساڵی(٢٠١٦)ی دەستەی حەشدی شەعبی مادەی(١) بڕگەی (دووەم) گروپەکانی حەشدی شەعبی لەسەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکهاتوون[2]. هەربۆیە حەشدی شەعبی تەنیا لە عەرەبی شیعە مەزهەب پێکنەهاتووە، بەڵکو عەرەبی سوننە مەزهەب لە ناو حەشدی شەعبی دان، جگە لەوە کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکانی وەك (تورکمان، مەسیحی، ئێزدی، فەیلی و شەبەك) لەناو گروپەکانی حەشدی شەعبیدا بوونیان هەیە، بەڵام سەرەتا پێکهاتەی حەشدی شەعبی تەنیا شیعە بوون و دواتر سوننە و کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە نێو حەشد شەعبی جێگەیان بۆ کرایەوە[3].(بڕوانە هێڵکاری ژمارە -١).

سەبارەت بە شیعە: هەر لەسەرەتاوە حەشدی شەعبی لەسەر بنەمای ئینتیما بۆ مەزهەبی شیعە دامەزرا، بە نموونە: بەپێی یەکێك لە سەرچاوەکان لە کۆی (١٦٧) هەزار چەکداری حەشدی شەعبی(١١٠) هەزار چەکداریان شیعە مەزهەبن[4]. و لە ناو گروپەکانی حەشدی شەعبی (٦٧) گروپیان سەر بە مەزهەبی شیعەن، لەناو ئەم گروپانەی شیعە گروپ گەلێکی بەهێز هەن هەژمونی تەواویان بەسەر هەموو گروپی حەشدی شەعبیدا هەیە[5].

---

[1] الانتخابات العراقية.. التصويت الخاص يعيد الجدل حول "الأعداد الوهمية" لمنتسبي الحشد، موقع الحرة، ٢٠٢١/١٠/٢، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٢/١٠متاح على الرابط الاتي: https://arbne.ws/3IMt0Wg


[2] قانون هيأة الحشد الشعبي: جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٤٢٩)، وةزارة العدل العراقية، بغداد، ٢٠١٦، ص٤.

[3] مصدق عادل، المصدر السابق، ص٦٤.

[4] ضيا عباس، حسين عباس، ممكنات التوظيف الأستراتيجي للحشد الشعبي مابعد داعش، دار الحكمة للنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٦، ص١١٧.

[5] هشام الهاشمي، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، المصدر السابق، ص٤.

هێڵکاری ژمارە (١) ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی




سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرەوە

سەبارەت بە سوننە: لەسەرەتاوە گروپەکانی حەشدی شەعبی هیچ سوننەیەکی تیادا نەبوو، بەڵام لەگەڵ بەردەوامی ڕووبەڕووبوونەکانی داعش لە دوای ساڵی (٢٠١٤) و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی هێزە چەکدارەکانی عێراق و حەشدی شەعبی بۆ ڕزگارکردنەوەی ناوچە سوننەکان، حکومەتی عێراق بیری لەوەکردەوە لە هەر ناوچەیەکی سوننە کە رزگار دەکرێت، هۆزە سوننەکان پرچەك بکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناوچەکانیان بکەن تاکو جارێکی دیکە داعش نەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەیان، ئەو گروپە چەکدارانەی پرچەککران لە ناوچە سونەکان ناویان لێنرا (حەشدی هۆزەکان- الحشد العشائری) دواتر بە یاسا ڕێکخرانەوە و خرانە ناو گروپەکانی حەشدی شەعبی[1]. گروپە چەکدارە سونەکانی ناو حەشدی شەعبی، لەناوچەکانی (دیالە، کەرکوك، سەڵاحەدین، نەینەوا، ئەنبار و دەوروبەری بەغداد) بنکە و بارەگایان هەیە[2]، بەپێی هەندێك سەرچاوەی نافەرمی لە تێکرای (١٦٧) هەزار چەکداری حەشدی شەعبی، سونەکان ژمارەیان دەگاتە (٤٥) هەزار چەکدار، لە ناو گروپەکانی حەشدی شەعبی، سوننەکان (٤٣) گروپ پێکدەهێنن، بەڵام ئەم گروپانەی سوننە لەلایەن بەشێك لە گروپە شیعەکانی ناو حەشدی شەعبی کۆنترۆڵکراون و تەنات فەرمان لەوانەوە وەردەگرن[3].

جگە لە شیعە و سونە، کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی وەك (تورکمان، مەسیحی، ئێزدی، فەیلی و شەبەك) ژمارەیەك (لیوا و فەوج) یان لەناو حەشدی شەعبی بۆ دروستکراوە[4]. لە (١٦٧) هەزار چەکداری حەشدی شەعبی، زیاتر لە (١٠) هەزار چەکداریان سەر بە کەمینەکانن، لە

[1]Knights, Micheal & Malik, Hamdi. Op. Cit.P: 2.


[2]مجدي طارق، مابعد داعش....مستقبل الحشد الشعبي، مركز العربي للبحوث والدراسات، القاهرة، ٢٠١٩، ص٥٦.

[3]هشام الهاشمي، المصدر السابق، ص٤.

[4]منى علمي، المصدر السابق، ص١٢.

چوارچێوەی (٩) گروپی سەر بە حەشدی شەعبی لە ناوچەکانی خۆیان رێکخراون[١]. لەناو کەمە نەتەوایەتییەکاندا تورکمانەکان ناو حەشدی شەعبی نزیکەی (٦) هەزار چەکدار دەبن و لە لیواکانی (١٦، ٥٢ و ٥٣) و دوو فەوج پێکدێن و لە پارێزگاکانی (سەلاحەدین، کەرکوک ،نەینەوا) بونیان هەیە. هەرچی کەمە ئاینی مەسیحییە لیوای (٥٠)ی حەشدی شەعبی تایبەتە بە ئەوان و ژمارەیان زیاترە لە (٢) هەزار چەکدار و پارێزگای( نەینەوا) بڵاوەیانپێکراوە[٢]. لەلایەی دیکەوە فەوجەکانی (٨٠،٣،١) ناو حەشدی شەعبی سەر بە ئێزدییەکانن لە قەزای (شەنگال)ی سەر بەپارێزگای (نەینەوا) بڵاوەیان پێکراوە، ژمارەیان زیاترلە (٥٠٠) چەکدارە[٣]. (بڕوانە هێڵکاری ژمارە -٢ ).

هێڵکاری ژمارە (٢) دابەشکاری حەشدی شەعبی بەپێی مەزهەبەکان




سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرەوە

هەروەك لیوای (١١٠) حەشدی شەعبی بۆ کوردانی فەیلی دروستکراوە، لەپارێزگای (دیالە) دەسترۆیشتوون و ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٥٨٠) چەکدار[٤].هەروەك لیوای(٣٠) حەشدی شەعبی بۆ پێکهاتەی (شەبەك) دروستکراوە لە پارێزگای (نەینەوا) جێگیرکراون و ژمارەیان (٢٠٠-٢٥٠) چەکدار دەبێت[٥]. سەبارەت بە پێکهاتەی (کاکەیی) سەرەتا گروپێکیان بۆ دروستکردن لە قەزای (داقوق)ی سەر بە پارێزگای (کەرکوک) ،بەڵام بەهۆی ئەوەی لەلایەن حەشدی شەعبییەوە مووچەیان بۆ خەرجنەکرا گروپەکەیان هەڵوەشاندووە و ئێستا هیچ هێزێکی کاکەیی لەناو حەشدی شەعبیدا بونیان

[١] هشام الهاشمي، المصدر السابق، ص٤

[٢] محمد کشیش خشان، المصدر السابق، ص٤٨٦.

[٣] شێخ خودێدە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی مەڵبەندی شەنگالی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی توێژەر، ٢٠٢٢/٢/٤، کاتژمێر ١٢:٣٥ی نیوەڕۆ.

[٤] عامر محەمەد فەیلی، فەرماندەی لیوای(١١٠)ی کاکەییەکان، چاوپێکەوتنی توێژەر ، ٢٠٢٢/٢/٥، کاتژمێر ٨:١٥ی شەو.


[٥] زیرەك ئەحمەد رەحمان، شەبەك؛ نەتەوە و مەزهەب لە فەزای ململانێی سیاسیدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٤)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٤٢.

نییە[١]. ئەوەشی پێویستە بوترێت فەوجێکی حەشدی کوردی لە کەرکوك پێکهێنرا، بەڵام بە دەستوەردانی حکومەتی هەرێم ئەو کارە راگیراوە، تائێستا ئەو گروپە پێکنەهێنراوە و ئەم دۆسییەیە بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە[٢]. سەرکردەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەرنج لابردن لەسەر هەژموونی خۆیان لە( ناوچە جێناکۆکەکان) جددی نەبوون لەبارەی دروستکردنی حەشدی کوردی لە کەرکوك، و راکێشانی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان بۆ ناو حەشدی شەعبی بۆ ئەوە بوو چیتر ئەو رەخنەیەیان لێنەگیرێت، کە بڵێن حەشدی شەعبی تەنها لەپێکهاتەی شیعە پێکدێت، چونکە لەرووی کردارییەوە ئەم کەمینانە لەلایەن گروپە باڵادەستەکانی ناو حەشدی شەعبیەوە ئاراستە دەکرێن و فەرمانیان لێوەردەگرن.

**تەوەری سێیەم: وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی:**

دیاریکردنی ئاڕاستەی فیکریی و وەلائی گروپەکانی حەشدی شەعبی یەکێکە لەو کایە لێڵ و نادیارانەی لەبارەی حەشدی شەعبی و دابەشبوونیان بەپێی مەرجە عە دیار و خاوەن نفوزکان باسوخواسی جۆراوجۆری لەبارەوە دەکرێت، حەشدی شەعبی بەشێوەیەکی گشتی وەلائیان بۆ مەرجەعەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق هەیە، کاریگەرن بە فەتوای مەرجەعەکانیان نەك بڕیای حکومەت. (بڕوانە هێڵکاری ژمارە -٣ ).

هێڵکاری ژمارە (٣) پێکهاتەی مەزهەبی حەشدی شەعبی




سەرچاوە: ئامادەکردنی لەلایەن توێژەرەوە

بەجۆرێك لە (٦٧) گروپی شیعەی ناو حەشدی شەعبی (٤٤) گروپیان پێڕەوی لە (عەلی خامنەیی) ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەکەن، و ژمارەیان(٧٠) هەزار چەکدار دەبێت[٣].

[١] ئومێد حسێن، فەرماندەی پێشووی فەوجی کاکەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠٢٢/٢/٦، کاتژمێر ١١:٣٠ی بەیانی.
[٢] ئەدهەم جومعە، وتەبێژی حەشدی کوردی، چاوپێکەوتنی توێژەر ، کەرکوك، ٢٠٢٢/٢/٧، کاتژمێر ١٠ ی بەیانی.
[٣] هشام الهاشمي، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، المصدر السابق، ص٤.

ئەو گروپانە بەهێزترین گروپەکانی ناو حەشدی شەعبین، دڵسۆزیی وەلائی خۆیان بە ئاشکرا بۆ خودی عەلی خامنەیی دەربڕیوە، دیارترین گروپەکانی لە (ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتائیبی سەید شوهەدا، کەتائیبی حزبوڵا[1]، کەتائیبی ئەبو فەزڵ عەباس، بزووتنەوەی نوجەبا و سرایا خۆراسانی) پێکدێن، ئەم گروپانە پەیوەندییەکی مێژوویی، سیاسیی و سەربازیی تووندوتۆڵ و هەماهەنگییەکی بەهێزیان لەگەڵ تاران هەیە، بەتایبەت لەگەڵ (فەیلەقی قودس)ی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، جگەلەوەی هاوکاری دارایی و سەربازیی لە حکومەتی عێراق وەردەگرن، لەهەمانکاتدا لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری لۆجستیان بۆ ڕەوانە دەکرێت و بەچەکی جۆراوجۆر پڕچەککراون[2]. جگە لەوە ئێران لەڕێگەی ئەم گروپانەوە ڕێگەیەکی لە شارۆچکەی (قائیم)ی سەر بە پارێزگای (ئەنبار)، و کە ئێرانی بەرێگەی وشکانی گەیاند بە (دیمەشق) و لەوێوە بۆ لوبنان و دەریای ناوەراست، ئەمەش بەدیهێنانی بەشێك لە ستراتیژ و پلانی درێژخایەنی ئێران بوو بۆ گەیشتن بە ئاوی دەریای ناوەراست بۆ تەواوکردنی پرۆژەی ستراتیجی (هیلالی شیعی) لە وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا و ئەوروپا و بلۆکی سوننە بەسەرۆکایەتی سعودیە[3].

ئەم گروپانە کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکەن لە سوریا، لە پارێزگای (بەسرە)وە واتە لە باشوری عێراق بۆ پارێزگای (دیالە) لە باکوری عێراق چەکدارانی ئەم گروپانە بڵاوبوونەتەوە وەك پاسەوانی پاراستنی سنورەکانی ئێران کاردەکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو مەترسیانەی هەڕەشەن بۆ سەر ئێران، هەروەها ئێستا بەشێك لەم گروپانە وەك (ڕێکخراوی بەدر و عەسائیبی ئەهلی حەق) تەنیا لە چوارچێوەی گروپی چەکدار خۆیان نابیننەوە، بەڵکو بەشداری پرۆسەی سیاسیان کردووە و فراکسیۆنیان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە[4]. لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٨)ی ئەنجومەنی نوێنەران (٤٧) کورسییان بەدەستهێنا[5]. لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢١) کورسییەکانیان بەڕێژەی بەرچاو کەمیکرد و (١٧) کورسییان بەدەستێنا[6]. لەلایەکی دیکەوە لە ناو گروپەکانی حەشدی شەعبی (١٧) گروپیان وەلائیان بۆ (عەلی سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق هەیە. ئەم گروپە لەدوای فەتواکەی عەلی سیستانی زیاتر بە ئامانجی پاراستنی مەزارە پیرۆزەکانی (نەجف) دروستبوون کە لەلایەن داعشەوە هەڕەشەی

[1] بێستوون حسێن عارف، گروپە چەکدارەکان لە عێراق فاکتەرێك بۆ ناسەقامگیری، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٦٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٠.

[2] منى علمي، المصدر السابق، ص١٧.

[3] یاسین تەها، نفوزی ئێرانی لە عێراق و کارتەکانی تاران لە نەجەف و بەغداد، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٢٠)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٧٦-٧٧.

[4] Mansour, Renad & Jabar Faleh A. Op. Cit.p1.

[5] بەختیار ئەحمەد ساڵح، پێگەی ئێران لە عێراقی دوای هەڵبژاردن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٦٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٦.

[6] الموقع الرسمي المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، النتائج النهائية لانتخابات مجلس النواب العراقي ٢٠٢١، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٢/٧، متاح علي الرابط الاتي: https://bit.ly/3oueavr.

تەقاندنەوەیان لەسەربوو هەروەها ئەرکی پاراستنی ناوچە جیاوازاەکانی شیعەکانیان لە عێراق پێ سپێردرابوو[١]. دیارترین ئەو گروپانە (سرایا ئەلعەتەبە ئەلعەباسییە، سرایا ئەلعەتەبە ئەلحوسەینییە، سرایا ئەلعەتەبە ئەلعەلویەو لیوای عەلی ئەکبەر)بوون[٢]. هاوکات چەند گروپێکی دیکە کەسەربە (عەمار حەکیم) سەرۆکی (ڕەوتی حیکم)ەن وەلائیان بۆ عەلی سیستانی هەیە کە خۆیان دەبینییەوە لە (سرایا عەقیدە، سرایا عاشورا و سرایا جیهاد)، و ئەم گروپانەی سەر بە عەلی سیستانی هیچ پارتێکی سیاسیا لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نییە[٣].

بەشێکی دیکەی گروپەکانی حەشدی شەعبی کە ژمارەیان (٦) گروپە، وەلائیان بۆ مەرجەعەکانی دیکەی شیعە لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق هەیە[٤]. لەناو ئەو گروپانە دیارترینیان گروپی (سرایا سەلام)ی سەر بە(موقتەدا سەدر)ە، لە دوای ساڵی (٢٠١٤) دروستبوون لەدژی داعش شەڕیان کردووە. ئەم گروپە چەکدارییە درێژکراوەی (سوپای مەهدی) بوو لە ساڵی (٢٠٠٨) موقتەدا سەدر کارەکانی هەڵپەساردبوون، (سرایا سەلام) جۆرێك لە شێوازی کارکردنی سەربەخۆییان پێڕەوکردووە کە لەو ڕێگەیەوەو نایانەوێت بەتەواوی بچنە ناو حەشدی شەعبی، جگە لەوە ناکۆکی قوڵیان هەیە لەگەڵ ئەو گروپانەی وەلائیان بۆ عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای ئێران هەیە. بە دەگمەن لەلایەن تارانەوە هاوکاری دارایی و سەربازی دەکرێن[٥]. هاوشێوەی گروپەکانی سەر بە عەلی خامنەیی، گروپی چەکداری سرایا سەلامی سەر بە ڕەوتی موقتەدا سەدر پارتی سیاسیان هەیە، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠١٨) ئەم گروپە (٥٤) کورسی پەرلەمانیان هەبوو[٦]. لەدوایین هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٢١) کورسییەکانین بەڕێژەی بەرچاو زیادیکرد، لە کۆی (٣٢٩) کورسی خاوەنی (٧٣) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق[٧].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوە کە خراونەتەڕوو دەتوانین بڵێین گروپەکانی حەشدی شەعبی زۆربەیان وەلائیان بۆ عەلی خامنەیی هەیە و فەرمان، هاوکاریی دارایی و لۆجستی لە تارانەوە وەردەگرن، هەژموونیان بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی وئەمنیی عێراقدا هەیە وبەرژەوەندییەکانی ئێران لەناوچەکە دەپارێزن. لەبەرامبەر ئەمانەدا گروپەکانی سەر بە عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق چالاکی سیاسی ئەنجام نادەن و کەم تر لەژێر هەژموونی ئێراندا. لەلایەکی دیکەوە گروپەکانی سەر بە موقتەدا سەدر جۆرێك لەسەر بەخۆییان

---

[١] Al Jbour. Op. Cit. P: 20.

[٢] بێستوون حسێن عارف، حەشدی شەعبی لەنێوان میلیشیابون و بەفەرمیبوندا، گۆڤاری جۆڕناڵ، ژمارە (٤٠)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٦٩.

[٣] منى علمى، المصدر السابق، ص١٨.

[٤] هشام الهاشمي، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، المصدر السابق، ص٤.

[5] Mansour, Renad & Jabar Faleh A. Op. Cit. p1.

[٦] بەختیار ئەحمەد ساڵح، بەختیار ئەحمەد ساڵح، پێگەی ئێران لە عێراقی دوای هەڵبژاردن، گۆڤاری جۆڕناڵ، ژمارە (٦٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٤.

[٧] الموقع الرسمي المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، المصدر السابق.

پێوەدیارە و خاونی پارتی سیاسین جوغزێکی عێراقیان هەیە. ئەوەی جێی سەرنجە لە هەڵبژارنی ساڵی (٢٠٢١) ژمارەی کورسییەکانیان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ گەشەکردنی ئەو گروپانەی سەر بە ئێران نین لە عێراق لەسەر ئاساتی ناوخۆ و دەسەڵاتی سیاسی و هێزی بڕیاردان لە پێشتر زیاتر برەویان سەندووە. بە پێچەوانەوە گروپەکانی سەر بەئێران لەڕووی ژمارەی کورسی و دەسەڵاتی سیاسی و هێزی بڕیاردان پاشەکشەیان کردووە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی دەستوەردان و باڵادەستی ئێران لە عێراق و ناوچەکە.

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەتوانین چەند خاڵێکی تایبەت بە بابەتەکە دەستنیشان بکەین و کۆبەندیان لێ پێك بێنین

١- گروپەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق بەچەند قۆناغێکی مێژوویی دروستبوون و فەتواکەی (عەلی سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق دژی داعش قۆستەوە بۆ ئەوەی لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە و شەرعییەتی ئاینیی و سیاسیی و یاسایی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

٢- لەسەرجەم قۆناغە مێژووییەکاندا ئێران ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بەردەوام پاڵپشتی لۆجستی و دارایی کردوون و لە ململانێکاندا دژی نەیارەکانی بەکاری هێناون.

٣- تائێستا دامەزراوە ئەمنییەکانی حکومەتی عێرق ئامارێکی ورد و ڕاستەقینەیان لەبارەی ژمارەی گروپ و ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی بڵاونەکردووە ئەوەش بەهۆی بوونی چەکداری وەهمی و پەرتبوونی گروپەکان و هەستیاری ڕەوشەکە.

٤- گروپەکانی حەشدی شەعبی زۆربەیان سەر بە مەزهەبی شیعەن و هەژموونی تەواویان بەسەر کۆی دامەزراوەکەدا هەیە، بەڵام بۆ ڕەوایەتیدان بەخۆیان، بەشێك لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی عێراق خراونەتە ناویان، وەك: سوننە، تورکما، شەبەك، کاکەیی، ئێزدی و مەسیحی.

٥- گروپەکانی حەشدی شەعبی بەسەر مەرجەع و لایەنەکاندا دابەش بوون، زۆربەیان وەلائیان بۆ ئێران و خودی عەلی خامنییەیی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەیە، بەشێکی دیکەیان سەر بە(عەلی سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکانن لە عێراق ، بەشێکی دیکەیان فەرمان لە (موقتەدا سەدر) ڕێبەری ڕەوتی سەدر وەردەگرن.

٦- گروپەکانی حەشدی شەعبی تەنها لە چوارچێوەی هێزێکی ئەمنیی نەماونەتەوە، بەڵکو بەشداری پڕۆسەی سیاسیی عێراقیان کردووە و بوونەتە خاوەنی کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جگە لەلایەنی سەربازیی، هەژموونیان بەسەر کۆی پڕۆسەی سیاسیدا هەیە.

٧- گروپەکانی حەشدی شەعبی هێزی چەکداری نارێکخراون لە چوارچێوەی فەرمیدا و بە یاسا لەژێر چەتری حەشدی شەعبیدا کۆکراونەتەوە و پابەندی فەرمانەکانی فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان نابن کە سەرۆك وەزیرانە.

## ليستى سەرچاوەكان:

**ياسا و بڕيارەكان:**

١. قانون هيأة الحشد الشعبي: جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٤٢٩)، وةزارة العدل العراقية، بغداد، ٢٠١٦،ص٣-٤.
٢. مكتب رئيس الوزراء: امر ديواني/ ٤٧، بناءا على قرار مجلس الوزراء رقم (٣٠١) لسنة ٢٠١٤، جمهورية العراق، العدد: م.ر.ن/٣٥/٧٨/٩٨٥٢، بتاريخ ٢٠١٤/٦/١٨.

**فەرهەنگ:**

١. يوسف محسن، موسوعة الحرب ال الأهلية الطائفية في العراق، مجلد٢، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٢٠.
٢. يوسف محسن، موسوعة الحرب ال الأهلية الطائفية في العراق، مجلد٣، ط١، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٢٠.

**كتێب:**

١. اسعد كاظم شبيب. الخيار الصعب: قراوة في ابعاد فتوي الجهاد الكفائي ضد تنظيم داعش. في كتاب: في مواجهة داعش. اية الله العظمي السيستاني (دام ظله الوارف) والحشد الشعبي بعد احداث الموصل. تحرير: محمد هاشم البطاط ورزاق فالح وحيد. الطبعة ١. مركز العراق للدراسات. بغداد. ٢٠١٦. ص٦٥ .
٢. جوين داريان، الفوضى التي نضموها الشرق الأوسط بعد العراق، ترجمة بسام شيحا، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ٢٠١٨.
٣. حسنين توفيق إبراهيم،"الحشد الولائى" والدولة في العراق تحديات ممارسة السياسة ضخط السلاح المنفلت، تريندز للبحوث والأستشارات، الأمارات، ٢٠٢١.
٤. حسين احمد فرحان، حشد المرجعية هو الأساس،دراسات سيساية، مركز الفرات للتنمية للدراسات الأستراتيجية، النجف، ٢٠١٩.
٥. رائد حامد، الحشد الشعبي خلفيات التشكيل....الدور والمستقبل، مركز الفكر الأستراتيجى للدراسات، اسطنبول، ٢٠١٩.
٦. زينب شعيب، الحشد الشعبي الإستراتيجية الأمريكية و الحشد الشعبي في العراق، دار الحلاج للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٩.
٧. صلاح عبد الرزاق، العراق و الاسلام السياسي و دور الإسلام الشيعي و السني في العراق المعاصر، دار القناديل للنشر و التوزيع، بغداد، بدون السنة.
٨. ضيا عباس، حسين عباس، ممكنات التوظيف الأستراتيجى للحشد الشعبي مابعد داعش، دار الحكمة للنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٦.
٩. عباس الزيدي، آيات النزل، دار الصادق، بيروت، ٢٠٢١.

١٠. على المؤمن، سنوات الجمر، مسيره الحركه الإسلاميه فى العراق ١٩٥٧-١٩٨٦، ط٥، مركز دراسات المشرق العربي، ٢٠٢٠.
١١. فاطمة محمد رضا علي الجابري، الأبعاد الإستراتيجية لثورة الإمام الحسين وتأثيرها في قوة الحشد الشعبي لمحاربة تنظيم (داعش) الإرهابي، مركز العراق للدراسات، بغداد، ٢٠١٩.
١٢. فواز جرجيس، داعش إلى أين؟ جهاديو مابعد القاعدة، مركز درسات الوةحدة العربية، بيروت، ٢٠١٦.
١٣. فيبى مار وإبراهيم المراشي، العراق في عهد المالكى والعبادي، ت:مصطفى نعمان أحمد، دار ميزوبوتاميا للنشر والتوزيع، ٢٠١٨.
١٤. مجدي طارق، مابعد داعش....مستقبل الحشد الشعبي، مركز العربي للبحوث والدراسات، القاهرة، ٢٠١٩.
١٥. مديرية الإعلام-هيئة الحشد الشعبي، هيكلية وقانونية الحشد، العراق، ٢٠١٩، ص١.
١٦. المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، مستقبل الحشد الشعبي في العراق: بين سيادة الدولة وصراع المحاور، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات(سلسلة: تقدير الموقف)، قطر،٢٠١٩.
١٧. مصدق عادل، التنظيم الدستوري والقانوني للحشد الشعبي والتشكيلات المسلحة في العراق، دراسة في التأصيل الدولي والدستوري والتشريعات الوطنية والمقارنة، بيروت، طبعة ١، ٢٠١٧.
١٨. منى علمي، أى مستقبل للحشد الشعبي في العراق، مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الإسلامية، سعودية، ٢٠١٨.
١٩. هشام الهاشمي، الخلاف الداخلي في هيئة الحشد الشعبي، مركز صنع السياسات للدراسات الدولية والأستراتيجية، أسطنبول، ٢٠٢٠ .
20. Al Jbour, Abdullah. 2021. The Popular Mobilization Forces in Iraq: Regional Dynamics and Local Variables. Friedrich-Ebert-Stiftung: Amman.

**نامەی ماستەر:**

١. محمد قاسم عبد الكاظم الكلابي، الحشد الشعبي في العراق، النشاة، الواقع والمستقبل، رسالة ماجستير تقدم الي مجلس الكلية العلوم السياسية -جامعة بغداد، العراق، ٢٠٢١، ص٩.
٢. ليث هادى سيد، مؤسسة الحشد السعبي والنظام السياسي العراقي(دراسة في جدليات الاستقلال والاندماج والحل، رسالة ماجستير تقدم الى معهد العلمين للدراسات العليا/قسم العلوم السياسية، النجف،٢٠١٩،ص٣٠.

**توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان:**

١. بێستوون حسێن عارف، حەشدی شەعبی لەنێوان میلیشیابون و بەفەرمیبوندا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٤٠)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانی و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٩.
٢. بێستوون حسێن عارف، گروپە چەکدارەکان لە عێراق فاکتەرێك بۆ ناسەقامگیری، گۆڤاری

جۆڕناڵ، ژماره (٦٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١.
٣. بەختیار ئەحمەد ساڵح، بەختیار ئەحمەد ساڵح، پێگەی ئێران لە عێراقی دوای هەڵبژاردن، گۆڤاری جۆڕناڵ، ژماره (٦٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١.
٤. زیرەك ئەحمەد رەحمان، شەبەك؛ نەتەوە و مەزهەب لە فەزای ململانێی سیاسیدا، گۆڤاری جۆڕناڵ، ژماره(٣٤)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٩.
٥. یاسین تەها، نفوزی ئێرانی لە عێراق و کارتەکانی تاران لە نەجەف و بەغداد، گۆڤاری جۆڕناڵ، ژماره(٢٠)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٨.
٦. باسم كاظم عباس الشمري، دينا يونس و رجا الكيناني، الحشد الشعبي في ناحية الاحرار(دراسةفي جغرافية السكان) مجلة واسط للعلوم الانسانية، كلية الاداب، المجلد ١٢، العدد٣٥، ٢٠١٦، ص٤٣٨.
٧. جواد كاظم حطاب، توظيف الحشد الشعبي في المدرك السياسى العراقي، مجلة حمورابي، العدد (٢٩)، بغداد، ٢٠١٩.
٨. رامي صلاح حسن السماوي و حسام محمد نبيل الطائي: تخطية الصحف العراقية للأخبار الحشد الشعبي، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية/جامعة بابل، العدد(٢٤)، كانون الاول ٢٠١٥، ص٧٦.
٩. غلاء رزاك فاضل، الموقف الإيراني من سقزط الموصل بيد داعش ٢٠١٤، مجلة خليج العربي، مركز دراسات البصرة و الخليج العربي، جامعة البصرة، العدد(١-٢)،٢٠١٩.
١٠. محمد العراقي، ايران ومستقبل الميليشيات المسلحة في عراق مابعد داعش، مجلة الدراسات الدراسات الارانية، الرياض، العدد٣، ٢٠١٧.
١١. محمد كشيش خشان، الحشد الشعبي، درسة في الجيوبوليتيك النقدية، مجلة المدرية العامة لتربية القادسية، العدد (٦٢)، بغداد، ٢٠٢١.
12. Alaaldin, R. 2017. Containing Shiite Militias: The Battle for Stability in Iraq. Brooking Doha Center. Brookings Institution. Doha, Qatar.
13. Al-nidawi, O. and Knights, M. 2018. Militias in Iraq's security forces: historical context an U.S Options, the Washington institute for near east policy.
14. Frederick W. K. 2012. Iranian influence: in the Levant, Egypt, Iraq and Afghanistan. American enterprise institute..
15. Khalil, L. (2011). Iraq: what happens next? Australian Strategic Policy Institute.
16. Knights, Michael & Malik, Hamid & Al-Tamimi, Aymenn Jawad. 2020. Honored, Not Contained: The Future Of Iraq's Popular Mobilization Forces . The Washington Institute for Near East Policy: USA.
17. Mansour, Renad & Jabar Faleh A. "The Popular Mobilization Forces and Iraq's

Future". Carneige Middle East Center. 2017.
18. Sam, W. 2012. The Resurgence of Asai'b Ahl Al-Haq. Institute for the Study of War.

**چاوپێکەوتن:**

١. شێخ خودێدە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی مەڵبەندی شەنگالی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاوپێکەوتنی توێژەر، ٢٠٢٢/٢/٤، کاتژمێر ١٢:٣٥ی نیوەڕۆ.
٢. عامر محەمەد فەیلی، فەرماندەی لیوای(١١٠)ی کاکەییەکان، چاوپێکەوتنی توێژەر، ٢٠٢٢/٢/٥، کاتژمێر ٨:١٥ی شەو.
٣. ئومێد حسێن، فەرماندەی پێشووی فەوجی کاکەیی، چاوپێکەوتنی توێژەر، ٢٠٢٢/٢/٦، کاتژمێر ١١:٣٠ی بەیانی.
٤. ئەحمەد حاجی ڕەشید، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چاوپێکەوتنی توێژەر، ٢٠٢٢/١/٣١، سلێمانی، کاتژمێر١٠:٣٠ی بەیانی.
٥. ئەدهەم جومعە، وتەبێژی حەشدی کوردی، چاوپێکەوتنی توێژەر، کەرکوك، ٢٠٢٢/٢/٧، کاتژمێر ١٠ی بەیانی.

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

١. الحشد الشعبي العراقي يعيد إلي صفوفه ٣٠ الف عنصر فسخت عقودهم، موقع فرانس ٢٤، ٢٠٢١/٩/١٣، تأريخ الزيارة ٢٠٢١/٣/٩ متاح علي الرابط الاتي:
https://bit.ly/3g6hPuD
٢. الانتخابات العراقية.. التصويت الخاص يعيد الجدل حول "الأعداد الوهمية" لمنتسبي الحشد، موقع الحرة، ٢٠٢١/١٠/٢، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٢/١٠متاح على الرابط الاتي:
https://arbne.ws/3IMt0Wg .
٣. الموقع الرسمي المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، النتائج النهائية لانتخابات مجلس النواب العراقي ٢٠٢١، تأريخ الزيارة ٢٠٢٢/٢/٧، متاح علي الرابط الاتي:
https://bit.ly/3oueavr.